٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٦)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دواوتار

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (دواوتار ٨، 9 ، 10 ، 11) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچونەوە بکەن بۆ ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە "شانشینی خودا"

. بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) پێداچونەوە بکەن بۆ پێنج ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە "شانشینی خودا ١- ٥" .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٢: ١- 16

پێشەکی : لە بەشی یەکەمی ڕۆما پۆڵسی نێردراو دەریخست کە نەتەوەکان بەر تووڕەیی خودا کەوتوون و پێویستیان بە ڕاستودروستی خودایە بۆ بێتاوانکردنیان . وە جولەکەکانی دانیشتووی ڕۆما دانیان نا بەوەدا کە نەتوە خراپەکارەکان و گەندەڵەکان شایەنی تووڕەیی خودان و بەکارەکانیان ناتوانن نیعمەتی خودا وەربگرن و پێشوازی لێبکەن .

بەڵام جولەکە تا ئێستاش بڕوایان وایە خودا لێپرسینەوە لەگەڵ جولەکە دەکات بەشێوازێکی جیاوازتر لە نەتەوەکان ، چونکە ئەوان پێیان وایە جولەکە گەلی خودایەو ڕێزێکی بێ هاوتایان لێنراوە . جولەکەکان پێیان وابوو بەهۆی بەڵێنی خودا بۆیان و جێبەجێکردنی هەندێ ئەرک کە لە دەقەکانی شەریعەتدان دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوان بەخشراون لە تووڕەیی خودا ، بۆیە پۆڵسی نێردراو لە ڕۆما ٢: ١- ١٦ دەریدەخات کە جولەکە خودایان تووڕەکردوەو ئەوانیش هەروەها پێویستیان بە ڕاستودروستی خودایە بۆ بێتاوانکردنیان .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا

پێکەوە ڕۆما ٢: ١- 16 **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ٢: ١ـ ٤

<u>ئاشکراکردنی ١: ئەو هۆکارەی وا دەکات جولەکە لە ژێر سایەی حوکماندا بن .</u>

أ. جولەکەکان دوو ڕوو بوون (ڕۆما ٢: ١) .

نەتەوەکان گەندەڵ بوون بەشێوەیەکی ئاشکرا ، ئەوان تاوان وخراپەیان ئەنجام دەدا (ڕۆما ١: ١٨) ، وە شانازییان بەوانەوە دەکرد کە خراپەکار وبەدکارییان دەکرد (ڕۆما ١: ٣٢) . نەتەوەکان ئەو خراپەکاریانەیان سەرکۆنە نەکرد ، بەڵکو ئەنجامیان دەداو شانازییان دەکرد بەوانەشەوە کە ئەنجامیان دەدا .

لەبەرامبەردا جولەکە وای دەردەخست ئەوان بێتاوان وباش و ڕاستودروستن ، جولەکەکان سەرکۆنەی نەتەوەکانیان کردو حوکمیان دەدا بەسەریاندا لەو خراپەکاریەی دەیانکرد لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان هەمان ئەو خراپەکارییانەیان ئەنجام دەدا (ڕۆما ٢: ٢١ـ ٢٢؛ ڕۆما ١: ٣٢ ؛ ڕۆما ١: ٢٠؛ ٢: ١) .

ب. جولەکەکان درێژدادڕ بوون سنوریان دەبەزاند (ڕۆما ٢: ٢- ٣) .

*جولەکە باوەڕیان بەیەك خودا بوو (دواوتار ٦: ١).

*ڕۆژانە سێ جار نوێژیان دەکرد (دانیال ٦: ١٠).

*لە هەموو ساڵێکدا چوار مانگ بەڕۆژوو دەبوون (زەکەریا ٨: ١٩) ، وە دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا (لۆقا ١٨: ١٢) .

*دەیەکیان دەبەخشی لە بەروبوومەکانیان (مەلاخی ٣: ١٠ ؛ لۆقا ١٨: ١٢) ، بەڵکو سیازدە ٪ ی داهاتیان (لێقیەکان ٢٧: ٣٠ ؛ دواوتار ١٤: ٢٢- ٢٩) بۆ کاروباری ئایینی .

*لە ساڵێکدا سێ جار دەچوون بۆ ئۆرشالیم بۆ حەجکردن (دواوتار ١٦: ١٦).

*لە ڕووی جەستەییەوە نەوەی ئیبراهیم بوون (مەتا ٣: ٧- ١٢ ؛ ٨: ١٠- ١٢ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٠- ٤٤).

*خەتەنەکرابوون (کردار ١٥: ١، ٧- ١١).

بەڵام حوکمدانی خودا لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی جولەکە نیە ، بەڵکو لەسەر ژیانی ڕاستەقینەیان و کارەکانیان ، حوکمی خودا دەکەوێتە سەر تاوانباران (ڕۆما ٥: ١٦ ؛ ١٣: ٢؛ ڕۆما ٢: ١١) .

ج. جولەکە دەستیان کرد بە سوکایەتی و گاڵتە کردن (ڕۆما ٢: ٤) .

بەدرێژایی مێژووی جولەکە ، خودا نەرمونیان و پشوو درێژ بوو لەگەڵیاندا . (دواوتار ٧: ٧- ٩) . بەڵام جولەکە بەدرێژایی ئەو مێژووەیان وبەتایبەتی لەماوەی نوسینی نامەکەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما سوکایەتیان دەکرد بە مامەڵەکانی خوداو گاڵتەیان پێدەهات (کردار ١٣: ٤٢- ٥٢ ؛ ١٧: ١٣؛ ٢٨: ٢٣- ٢٨) ؛ ٢پەترۆس ٣: ٩ ؛ ڕۆما ١٠: ٢١ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ کردار ١٤: ١٧ ؛ ١٧: ٢٤- ٢٧) .

ڕۆما ٢: ٥- ١٦

ئاشکراکردنی ٢: ڕاگەیاندنی حوکمدانی خودا لە ڕۆژی حوکماندا.

أ. ڕۆژی حوکمدانی کۆتایی دێت بە دڵنیایی (ڕۆما ٢: ٥) .

جولەکە ڕەتیان کردەوە تۆبە بکەن و تووڕەیی خودایان لەسەر خۆیان کۆکردەوە (ڕۆما ١: ١٨ بەرواردی بکە بە ٢کۆرنسۆس ٦: ١- ٢ ؛ ٢پەترۆس ٣: ٦) .

ب. پێنج پێوەرەکەی خودا بۆ حوکمدان لە ڕۆژی حوکمدانی کۆتایی (ڕۆما ٢: ٦- ١٢) .

یەکەم : حوکمدانی خودا هەموو جیهان دەگرێتەوە (یۆحەنا ٥: ٢٤؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠) .

دووەم : حوکمدانی خودا دادپەروەرانە دەبێت (بینین ٢٠: ١٢ ، ١٥ ؛ ٢١: ٢٧ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٤ ؛ ٦: ٣٧ ؛ ١٠: ٢٨- ٣٠ ؛ ١٧: ١٢ ؛ بینین ٢٠: ١٢ ؛ مەتا ١٦: ٢٧ ؛ خەزقێیل ١٨: ٢٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١٢- ١٥) .

سێ یەم : حوکمدانی کۆتایی خودا ، بێگەردو خاوێن دەبێت .

خودا پاداشت دەداتەوە یان سزا دەدات لە ڕۆژی حوکمدانی کۆتاییدا ، خودا پاداشتی ڕاستودروستتان دەداتەوە (باوەڕداران بە عیسای مەسیح) بە ژیانی هەتاهەتایی ، وە سزای خراپەکاران دەداتەوە (بێباوەڕان) بە تووڕەییەکەی (مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦؛ ڕۆما ٢: ١٦) .

چوارەم : حوکمدانی خودا بێ لایەنگیری دەبێت .

خودا حوکم دەدات بەسەر جولەکەدا بەهەمان ئەو پێوەرەی حوکمی پێ دەدات بەسەر نەتەوەکاندا (ڕۆما ٢: ١٠ ؛ ڕۆما ٣: ٢٩ ؛ ڕۆما ٢: ١١ ؛ ڕۆما ١: ١٦ ؛ ٢: ١٠ ؛ ٢: ٩) .

پێنجەم : حوکمدانی خودا بە تەواوەتی لۆژیکیانە دەبێت .

خودا حوکمی خەڵکی دەدات بەپێی ئەو ئاست و پێوانەیەی کە دەیزانن لەبارەی خوداو خواستەکانیەوە ، دوو جۆر کۆمەڵ هەن لە جیهاندا : "ئەوانەی شەریعەتیان نیە " وە " ئەوانەی شەریعەتیان هەیە" (ڕۆما ٢: ١٩ ؛ ڕۆما ٢: ١٤- ١٥) .

هەنگاوی ٣: پرسیار . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٢: ١- 16 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 2: 6

پرسیاری ١ : پێوەری خودا کامەیە لە حوکمدانیدا بەسەر هەموو خەڵکیدا بەوانەشەوە کە ئایین پەیڕەودەکەن (دینداڕەکان) ؟

تێبینیەکان .

گرنگە کە خەڵکی تێبگەن لە هەموو پاشخانێکی ئایینی و بزانن بەهۆی کارەکانیانەوە ڕزگاریان نابێت بەڵام بەپێی کردارەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ !

لە باری سروشتیدا هەموو خەڵکی بەوانەشەوە کە بانگراوندی ئایینیان هەیە حوکم دەدرێ بەسەریاندا ! هیچ کەسێك لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست و بێتاوان نیە !

ڕۆما ٢: ٧- ١١

پرسیاری ٢: پێوەری خودا کامەیە بۆ حوکمدان لەسەر ئەوانەی چاکە یان خراپە دەکەن ؟

تێبینیەکان .

أ. هیچ کەسێك ڕزگاری نابێ و بێتاوان ناکرێت بە کارە چاکەکانی .

ڕۆما ٢: ٦- ٨ ؛ ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٤ ، پۆڵسی نێردراو لەم بەش وئایەتانەدا باسی دوو شت دەکات :

* ڕاسپاردەکانی خودا داواکاریەکانی خودایە بۆ ڕزگاریی و بێتاوانکردن . بڕوانە ڕۆما ٢: ٦- ٨ ؛ ڕۆما ٢: ١٣ ؛ لێقیەکان ١٨: ٥ ؛ خەزقێیل ٢٠: ١١ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠- ١١ ؛ یاقوب ٢: ١٠ ؛ ڕۆما ٣: ١٠- ٢٤ .

* ڕاسپاردەکانی خودا پێوەرەی خودایە لە حوکمدانی کۆتایی . (ژیرمەندی ١٢: ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٨؛ ڕۆما ٢: ٧- ٩) .

ب. ئەوانەی کاری چاکە دەکەن بە دانبەخۆگرتنەوە (ڕۆما ٢: ٧) .

بڕوانە (مەتا ٢٤: ١٣ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٢- ٢٣ ؛ عیبرانیەکان ٣: ١٤ ؛ ڕۆما ٢: ٧) .

ج. ئەوانەی چاکە دەکەن بێگومان جەخت دەکەنە سەر ئایندەی باوەڕدارانەیان (ڕۆما ٢: ٧) . بڕوانە ڕۆما ٢: ٧، ١٠) .

شکۆ . وشەی شکۆ ئاماژەیە بۆ بەشداریکردن لە سروشتی خودایی (٢پەترۆس ١: ٤ ؛ ڕۆما ٥: ٢؛ ٨: ١٧ ؛ ڕۆما ٨: ٢١، ٢٩ ، ٣٠ ؛ ٩: ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ٢: ٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ١٧ ؛ کۆلۆسی ٣: ٤ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١- ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٣ ؛ فیلیپی ٣: ٢١ ؛ ڕۆما ٨: ٢١) .

ڕێز . بڕوانە مەتا ٢٥: ٢١ ؛ عیبرانیەکان ٢: ٧ ؛ ١پەترۆس ١: ٧ ؛ ٢پەترۆس ١: ١٧ ؛ بینین ٤: ٩، ١١ ؛ ٥: ١٢- ١٣) .

نەمری . بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٢ ؛ ڕۆما ٨: ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٥٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٤؛ ١پەترۆس ١: ٤) .

ئاشتی . بڕوانە بینین ٢١: ٤ ؛ ئیشایا ٢٦: ٣- ٤ ؛ ڕۆما ٥: ١ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥ ؛ فیلیپی ٤: ٧ ؛ بینین ٢١: ٤ ؛ ڕۆما ٢: ٨- ١٢ ؛ یۆحەنا ٣: ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ١٩ ؛ ڕۆما ٨: ٤ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٣ ؛ لۆقا ٣: ٨ ؛ یۆحەنا ١٥: ٥، ٨ .

د. ئەوانەی کاری چاکە دەکەن بێگومان ملکەچی ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز دەبن (ڕۆما ٢: ٨) . هەروەها بڕوانە ڕۆما ١: ١٨ ؛ یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٢ ؛ یۆحەنا ١٧: ١٧ ؛ یۆحەنا ٦: ٢٨- ٢٩ ؛ کردار ٤: ١٢ ؛ یۆحەنا ١٥: ٥ .

دەرئەنجام ئەوانەی چاکەکاری دەکەن باوەڕدارن بە عیسای مەسیح چونکە تەنها باوەڕداران کارە چاکەکان دەکەن لەبەرچاوی خودا ، خودای کتێبی پیرۆز ، بڕوانە مەتا ١٠: ١٨ ؛ یۆحەنا ٦: ٢٨- ٢٩ .

ڕۆما ٢: ١٢ ، ١٤- ١٥

پرسیاری ٣: پێوەری خودا کامەیە لە حوکمدانی نەتەوەکاندا ؟

نەتەوەکان لە دەرەوەی بانگەوازە تایبەتیەکەی خودا بوون ، وە گوێبیستی موژدەی ئینجیل نەبوون هێشتا .

تێبینیەکان .

ڕۆما ٢: ١٢ ؛ ڕۆما ٢: ١٤- ١٥ .

پرسیار . ئایا چۆن دەکرێ ئەو نەتەوانە بە گوناهبارو هەڵە دابنرێن لەکاتێکدا شەریعەتیان نەبوە ؟

وەڵام . لەگەڵ ئەوەی نەتەوەکان شەریعەتی نوسراویان نەبوە (پەیمانی کۆن و نوێ) بەڵام داواکاریەکانی شەریعەتی نوسراو لە نێو سروشتە مرۆڤانەکەیاندا بوە . لە ڕووی ئەخلاقیەوە هەروەها ، هاوسەرگیری و منداڵ خستنەوەو سۆزداریی خێزانی و گرنگیدان بە نەخۆشەکان وبایەخدان بە هەژاران و چەندینی تر .

ب. ویژدانی نەتەوەکان کار دەکات لەسەر بنەمای زانیاریان لە داواکاریەکانی شەریعەتی ئەخلاقی لە دڵیاندا .

ج. ئەو نەتەوانەی گوناهە دەکەن و لە دەرەوەی بانگەوازی تایبەتی خودان بەبێ بانگەوازی تایبەتی خودا لەناودەچن . ڕۆما ٣: ١٢ ، ٢٣ ؛ مەتا ١٠: ١٥ ؛ ١١: ٢٠- ٢٤ ؛ لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨ ؛ مەتا ٩: ١٣ ؛ یاقوب ٢: ١٣ .

ڕۆما ٢: ١٢ ، ١٣

پرسیاری ٤: پێوەری خودا کامەیە لە حوکمدانی جولەکەدا ؟

جولەکە لەنێو بانگەوازی تایبەتی خودا بوون ، بەڵام بانگەوازە تایبەتەکەیان ڕەتکردەوە .

تێبینیەکان .

ڕۆما ٢: ١٢ ؛ یۆحەنا ٣: ١٨، ٣٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ ؛ مەتا ٢٥: ٤١ – ٤٦ ؛ مەتا ٦: ١٤ ؛ یۆحەنا ٩: ٤١ ؛ لۆقا ١٢: ٤٧ – ٤٨ .

ب. پێوەری حوکمدان زانیاری نیە بەڵکو گوێڕایەڵیە بۆ بانگەوازە تایبەتەکەی خودا .

مەتا ٢٣: ٣ ؛ گەڵاتیە ٢: ١٦ ؛ ڕۆما ٣: ٢٨ .

ج. هیچ کەسێك لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی بۆ شەریعەت بێتاوان ناکرێت ! ڕۆما ٢: ١٣ .

بەڵکو داواکاریەکانی خودای ڕاستودروست و دادپەروەر بۆ ڕزگاریی گوێڕایەڵی تەواوە بۆ شەریعەت . ڕۆما ٢: ١٢ – ١٣ ؛ لێڤیەکان ١٨: ٥ ؛ خەزقێیل ٢٠: ١١ ؛ ڕۆما ٢: ٧ ؛ ١٠: ٥ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٢ .

بەڵام هیچ مرۆڤێك سازو ئامادە نیە بۆ بێتاوان بوو چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ کار بە هەموو ڕاسپاردەکانی شەریعەت بکات بەشێوەی تەواوەتی.

پەیمانی کۆن دواوتار ٢٧: ٢٦ پەیمانی نوێ گەڵاتیە ٣: ١٠ ؛ یاقوب ٢: ١٠ ؛ ڕۆما ٣: ١٠ – ١٣ .

ڕۆما ٢: ١٢- ١٣

پرسیاری ٥: پێوەری خودا کامەیە بۆ حوکمدان لەسەر باوەڕداران ؟

باوەڕدارانی ڕاستەقینە لە نێو بانگەوازی تایبەتی خودان وە پێشوازیان کردوە لە موژدەی ئینجیل .

تێبینیەکان .

أ. ئەو باوەڕدارەی کە گوناە دەکات لە ژێر بانگەوازی تایبەتی خودا حوکم دەدرێ بەسەریدا بەپێی بانگەوازی تایبەتی خودا . یۆحەنا ٥: ٢٤ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٣٤ ؛ بینین ١٠: ٢٠ ؛ ٢٠: ١٥ ؛ عیبرانیەکان ٨: ١٢ ١کۆرنسۆس ٣: ١٢- ١٥ ؛ یۆحەنا ٣: ١٨ ، ٣٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ ؛ مەتا ٦: ١٤ ؛ یۆحەنا ٩: ٤١ .

ب. باوەڕداران بێتاوان دەکرێن لەسەر بنەمای کاری ڕاستودروستی مەسیح لەڕێگەی باوەڕەکەیانەوە . ڕۆما ٣: ١٠ ، ٢٣ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠ ؛ یاقوب ٢: ١٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ .

ج. پێوەرەی حوکمدانەکە باوەڕی مێژوویی نیە بەڵکو ئەو باوەڕەیە کە بەرهەمی چاکەکاری دەدات . یاقوب ٢: ١٤- ٢٦ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ١٠؛ مەتا ٢٥: ٢٠- ٢١ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١٤- ١٥ ؛ ڕۆما ٢: ٦ ؛ مەتا ٥: ١٦ ؛ گەڵاتیە ٦: ٩- ١٠ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨ – ٩ ؛ تیتۆس ٢: ١٤ .

ڕۆما ٢: ١٠

پرسیاری ٦: خودا چۆن حوکم دەدات بەسەر خەڵکیدا لە حوکمدانی کۆتاییدا ؟

تێبینیەکان .

ڕۆژی حوکمدانی کۆتایی بەشێکی سەرەکیە لە مزگێنی ئینجیلدا .

أ . حوکم بەسەر خەڵکیدا دەدرێ بەپێی کارەکانیان . ژیرمەندی ١٢: ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٢ ؛ ئەفسۆس ٥: ١٢ .

ب. حوکم بەسەر خەڵکیدا دەدرێ بەپێی ئینجیل ئەوەی پۆڵس بانگەوازی بۆ دەکات .

ڕۆما ٢: ١٢ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٢ ، ٢٧- ٢٩ .

هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە. پەیڕەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٢: 1- 16 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١ـ نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 2: 1- 16 .

2: 1 : ئاگادار بە حوکم بەسەر خەڵکی دیکەدا مەدە ، کە هاوکات خۆت هەمان گوناە ئەنجام دەدەیت .(خەڵکی تاوانبار مەکە).

٢: ٣ : کاتێ گوناە دەکەیت ناتوانی خۆت دەرباز بکەیت لە حوکمدانی خودا .

٢: ٤ : نەرمونیان بەو لێبوردەو دانبەخۆگر بە لەبەرامبەر خراپەکاران و دەرفەتی تۆبەکردنیان بدەرێ .

٢: ٥ : بە تۆبە نەکردنت تورەیی خودا کۆدەکەیتەوە لەسەرخۆت .

٢: ٦ : ئاگاداربه لەوەی دەیکەیت و چۆن دەژی ، چونکه خودا حوکمت دەدات لەسەر بنەمای ئەو کارانەی دەیکەیت .

٢: ٧ : چەسپاو بەو بە پشوودرێژیەوە کاری چاکە بکە چونکە هیوای ئایندەی نوێت هەیە .

٢: ٨ : ئەو ڕاستیانەی کتێبی پیرۆز فێرت دەکات ڕەتی مەکەوە هەرگیز !

٢ : ١١ : هەرگیز لایەنگیری کەس مەکە لەسەر حسابی کەسێکی تر !

٢: ١٢ : عیسای مەسیح حوکمت دەدات بەپێی زانیاریت لەسەر ڕاگەیاندنەکەی لەنێو دڵتدا و لە کتێبی پیرۆزدا .

٢: ١٣ : عیسای مەسیح حوکمت دەدات بەپێی ئەو شێواز و ڕێگەیەی پێی ژیاویت .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ لەیدام بێت کە خودا حوکمی منی باوەڕداریش دەدات بەپێی کارەکانم . حوکمم دەدات بۆ تاقیکردنەوەی جۆری باوەڕەکەم و بەرهەمی ڕزگاریەکەم .

ب. دەمەوێ چەسپاو بم و بە پشوودرێژیەوە کاری چاکە بکەم چونکە هیوای ڕاستەقینەی ئایندەی نوێم هەیە .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**
بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری

کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٢: ١- 16 .
(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆژە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٢: ١- 16.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە یەشوع ١، ٦ ، ڕابەران ٢، ٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بكەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما ١: ١٦ لەبەر بكە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : نمونەی (گەنم وزیزان) لە مەتا ١٣: ٢٤- ٣٠ و ٣٦- ٤٣ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئەم ئامادەکاریەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .